# ڕۆژی داوەری



**جۆرجیۆ ئاگامبێن**: وەرگێڕانی ڕوشدی جەعفەر

فۆتۆ و ژێستی عەدالەت: وەلید عومەر

# فۆتۆ و ژێستی عەدالەت

وەلید عومەر

ئاگامبێن لەم نوسینەیدا کە بەشێکە لە کۆمەڵەوتاری لەپیرۆزیداماڵینەکان(profanations)، لەسەر ماهیەتی فۆتۆ و پەیوەندیی بە ڕۆژی حەشرەوە دەوەستێت. لەپاڵ زۆر مەبەستی تردا دەیەوێت فۆتۆ وەک ژێستێک ببینێت کە ڕاوی "ڕۆژی داوەری" دەکات. نەک تۆمارکردنی ئەم ساتە، بەڵکو نزیکبوونەوە لەوەی هەر ئەم ساتە خۆی گەمارۆدانی ئەبەدییەتە. ئەم ساتەی فۆتۆ، خۆی داوەرییەکە لکاوە بە ڕزگارییەوە. واتە فۆتۆ گواستنەوەی ڕووت نیە، بەڵکو بردنی هەموو چڕی و ئیمکانەکانی ئەم ساتەیە بۆ ئەوەی هیچی لێ نەمێنێتەوە قابیلی داوەری نەبێت. لێرەوە فۆتۆ ماتریاڵێکی دەرەکی و بەردەست نیە بیخەینە ئەلبومەوە، بەڵکو هەر فۆتۆیەک بانگهێشتی "ئەلبومی بوون"ـە لە چرکەیەکدا. ئەم کەشە نیمچە-تیۆلۆژییەی ئاگامبێن بۆ فۆتۆ، خۆی ژێست و جووڵەیەکی ناخودایە: چونکە ئەلبوومی بوون، ژێستێکە بۆ هیچی تر ناگەڕێتەوە جگە لە خۆی. ئامرازێکی بێئامانجە، چونکە گەر ئامانج یان ڕزگارییەک بخوازێت هەر لەخۆیدایە. جەستەکان هەموویان پێکەوە ئەم ئەلبومە درووستدەکەن. بۆیە فۆتۆ لەسەر داوەریی جەستە ناوەستێت، **«ڕۆژی داوەری»** مامەڵە بە جەستەی فیزیکییەوە ناکات، بەڵکو ئەزەل و ئەبەدی فۆتۆکە و جەستەی ناو فۆتۆکەش بە هەند وەرەگیرێت- جەستە سەریشی پێوە نەبێت هەر خواستی هەیە. فۆتۆگرافەر، جەستەیەک لەچوارچێوە نانێت، بەڵکو جەستەیەک بۆ ناو ئەلبوومی وجود ڕزگاردەکات. ئەلبومێک کە بۆ هەڵگرتن نیە، بەڵکو بۆ داوەریی بەردەوامە.

دەکرێت لە دەرەوەی وتارەکەوە، کەمێک لەسەر پەیوەندیی فۆتۆ و جیهان لە ئێستادا بوەستین. ئاخۆ فۆتۆ لەم کۆپەیوەندییە کۆمەڵایەتی و مرۆییەی ئەمڕۆدا، چ ژێستێک دەگرێتەخۆی؟ وشەی ژێست(gesture) نە بە مانای جووڵە دێت و نە نمایش، نە کردارە و نە کار و کاردانەوە، نە سیمبوڵی ڕووتە و نە مەکرێکیش کە پڕاوپڕ بێت لە ئامانجداری. ژێست لێرەدا جۆرێک ئابوریی وجودییە کە هەوڵدەدات بە کەمترین گوڕخواردنەوە، زۆرترین شت بگەیەنێت. مەسەلەکە مینیماڵ نیە، بەڵکو گەیاندنی بێماناییە وەک بێمانایی، گەیاندنی لانیکەمی "ئەوەی هەیە"یە وەک "ئەوەی هەیە". مەسەلە ڕیالیزم و گواستنەوەی واقیعیش نیە، چونکە واقیع خۆی زۆرشت دەشارێتەوە. بۆیە ژێست، لە مەبەستەکەی ئێمەدا، جۆرێکە لە وتنی پێش وتن تا بەشی هەرەزۆری نەوتراوەکان لە ساتێکدا بوترێت. مەسەلەکە "بەزەینداهێنانەوەی ئازاد"یش نیە وەک ئەوەی لە شیکردنەوەی دەروونییدا هەیە و نەوتراوە چەپێنراوەکان دەکەونەوە گەڕ، بەڵکو بەپێی **ژێست** وتن بەبێ هیچ ئامانجێکی زۆر ڕوون دەتەقێتەوە و کەسی قسەکەر(یان ناو فۆتۆکە) دەبەستێت بە کۆی مرۆڤایەتییەوە. ئاسانتر بیڵێین، ژێست قوڵپدانێکە کەمێک سەرووتر لە ویستی کەسەکە، جۆرێک لە دەوڵەمەندییە لەپێناوی ئەوەی بوونەوەر ناچارنەبێت خۆی بنوێنێت؛ خاکەڕایی و خۆشاردنەوە نا، بەڵکو هەڵگرتنی هاوسەنگانەی ئەو بارە قورسەی "دەمامک" کە لەڕووی فیزیکی و جەستەییەوە گەلێک سووکە. گەر بمەوێت بەراوردێک لەنێوان کایەکاندا بکەم و بیانبەستم بە چەمکی "ژێست"ـەوە، ئەوا دەبێت بڵێم: فیگەری فەیلەسوف(بە مانای پڕاوپڕی وشەکە) لە فیگەری زانا جیادەبێتەوە، چونکە گەر زانیاری(Information) یان داتایەک بخەیتە بەردەم هەردووکیان ئەوا فەیلەسوفەکە ئەو ژێستە دەنوێنێت کە **ئەم زانیارییە ڕاستە، بەڵام بەجۆرێک وەریدەگرم هەردەڵێی بەس نیە.** واتە ژێستی فەیلەسوف بەرامبەر جیهان، گیرسانەوە نیە لە زانیاریدا بەڵکو چەماندنەوەی زانیارییە بۆ ئاستی کونێکی ڕەش کە چیدی هیچ فاکتێکی پیا تێناپەڕێت. زانیاری

بوونێکی توندوتیژانەی هەیە، جۆرێک لە زبریی سەپێنراو. جیهانیش زبرە، بەڵام بۆ گەیاندنی خۆی و پیشاندانی خۆی پێویستی بە نەرمییەکی هەستیاری وەک ژێستی فەیلەسوف هەیە.

جیهان لەمڕۆدا لەڕێی فۆتۆوە، چ جۆرە ژێستێک ئەزموونەکات؟

ئاشکرایە کامێرا بەرهەمێکی تەکنۆلۆژییە، بەڵام فرمانەکەی درێژدەبێتەوە بۆ ناو پانتایی مرۆیی. کامێرا، دەزگایەکی تەکنیکیی ڕووت نیە، بەڵکو هەوڵێکی ترە بۆ ئەوەی پرسی "بینین(sight)" لەنێو جیهان خۆیدا ڕێکخەینەوە. بەڵام ئەوەی زۆر ئاشکرا نیە، ئەوەیە کە دەمانەوێت **ژێستی بینین** ئەنجامبدەین. واتە هێشتاش بە جیا لە هاوێنە و چاوی کامێراکان، ئەوەمان لێ دەوەشێتەوە گوایە شت زۆر ماوە بۆ بینین. دەبێت کامێرا هەڵگرین و شت ببینین، یەکەی بینراوی جیاجیا کۆکەینەوە، وێنەی کەرتێک لە جیهان بگرین لە سووچێکدا کە لە جیهان خۆی غافڵە. بەڵام بەم مانا فیزیکییە، ناتوانین ئەو ژێستە بنوێنین. مەگەر ئەوەی هەمیشە ئایدیایەک بۆ سەر فۆتۆکە زیادبکەین، خودئاگاییەکمان بۆ فۆتۆکە هەبێت. بۆنمونە، دەکرێت لە سووچێکدا وێنەی قاچی مرۆڤێک بگریت، هاوکات بیر لەوەش بکەیتەوە ئەم قاچە «تەنیا»یە چۆن گرێدەدرێت بە دەستی منداڵێکەوە لە خێزانێکی تردا یان بە شانی مردوویەکەوە کە لە تابووتدایە یاخۆ بە گوێچکەی کەسێکی ترەوە کە لە جێیەکی تر دەخورێت یان گورچیلەی کەسێکی تر کە ئەویش وەک ژێستێکی دەبەنگ لەگەڕدایە. بیرۆکەکە لە ڕێکخستن و ڕۆتینی ڕۆژانە تێدەپەڕێت بۆیە کەمێک گاڵتەجاڕە، بەڵام **ژێستی بینین** بە مانا فەلسەفییەکەی هەر ئەمەیە: ئێمە لە بینیندا، چ شتێک نابینین؟ ئاگامبێن لەم نوسینەدا کە ڕەخنەی ئێستاتیکای زێدەڕۆیانە یان تێهەڵکێشی ئەندازەیی دەکات لەڕێی هەنێ فۆتۆگرافەری ترەوە، ئەوا دەیەوێت فۆتۆ لەوە ڕزگاربکات بەتەنیا سەر بە **ژێستی بینین** بێت. فۆتۆ، هەروا بەسادەیی دیتنی ئەو شتانەش نیە کە نەبینراون، بەڵکو ترنجاندنی ڕەهەندی بینراو و نەبینراوە لە یەک ژێستدا کە ئەگەر بیبەستین بە "داوەری"یەوە ئەوا هەردووک

ڕەهەندەکە لە یەک کاتدا دەگەن. هەندێکمان بە ویستی خۆمان و هەندێکی تریشمان بەسەرماندا سەپێنراوە و خەریکی وێنەگرتنین، بەڵام ناتوانین کۆی **بینین** جڵەوبکەین. نەبینین پێچەوانەی بینین نیە، بەڵکو زۆرجار ڕیزبەندییەکی زەمەنی و فیزیکی و تەکنیکیین. بۆیە باشترە بڵێین **«ئێمە لەو جێیەوە جیهان دەبینین، کە ئەو لەو جێیەوە نامانبینێت»**[1]. بینین لە هەمووجێیەکە، بەڵام ڕێکەوتی تەواوەتیی یەکتر ناکەین. خاڵەکە ترازانێکە و هیچی تر. هۆیەکەش ئەوەیە ئێمە لەناو جیهانداین، جیهانیش بەنێو ئێمەدا تێدەپەڕێت، ناتوانین بچینە دەرەوەی جیهان و وێنەی بگرین. گەر یەک تۆز ڕاوەستین، تێدەگەین جیهان لە هەموولاوە ئێمەی خستووەتە بەر فشاری بینین، جۆرێک لە پارانۆیای پەستێنراوی لە دەور ئاڵاندووین، بەڵام ئێمە وا دەجووڵێینەوە وەکبڵێی تەنیا ئێمەین سەیری ئەو دەکەین- فۆتۆ بەم مانایەی ئەمڕۆ، ژێستێکە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی هیستریایی جیهان ببینین، لەکاتێکدا مەودایەکی کوێر هەیە و گەر زۆر هەوڵی بینینی جیهان و شتەکانی بدەین، ئەوا خۆمان نابینین. گەر هەموو مرۆڤەکانی جیهان(کە نزیکە لەوەوە)، ببنە فۆتۆگرافەر، ئەوا هێشتا ناتوانین جیهان بەتەواوی ببینین. لە ئاستێکی قووڵدا و دوور لە فۆتۆگرافیای باو، زانست هەوڵدەدات جیهان وا لێ بکات، وێنەی فاکتەکانی بگرێت، بەڵام ئەوەی وێنەی ناگیرێت ئەو "عەدەم"ـەیە کە بەهۆی ژێستی دونیای فیزیکەوە بەهەڵەماندا دەبات.

ڕەنگە هەڵە نەبین گەر بڵێین ئاگامبێن بەگشتی کاتێک چەمکە تیۆلۆژییەکان بەکاردێنێت، دەیەوێت ئەو ژێستە بنوێنێت کە مەملەکەتی خوداش هی ئێمەیە. مەگەر خۆمان نەمانسازاندووە؟ مەگەر بەرهەمی زمان و دەلالەتی خۆمان نیە؟ ئیدی بۆیە پێویستدەکات چاوی کامێرا و سیفەتی "البصیر"ـی خواوەند لە ژێستێکی سەرتاپا مرۆییدا کۆکەینەوە بەو مەرجەی ڕزگاری بئافرێنێت. لەڕاستییدا وێنەی "ئاخیرەت" بۆ کەسی باوەڕداریش وەک پشتی وێنەی نێگەتیڤ(عەکس) وایە کە مانا بەم دیوی وێنەکە دەدات. بۆ کەسێک کە بڕوای نیە، هیچ لەوە باشترە نیە ڕاستەوخۆ دەست

---

[1]. بە سودوەرگرتن لە تیۆری "بینین"ـی لاکان.

له زاراوه تیۆلۆژییه‌کان وه‌ربدات و مرۆییان بکاته‌وه(به‌ڵام پاش ئه‌وه هه‌ستنه‌که‌ین به‌ته‌واوی ئه‌و مرۆڤه‌ین که خودامان کوشت بۆ ئه‌وه‌ی خۆمان ببینه خودا- به‌ڵکو ئاگامبێن وته‌نی گه‌مه‌یه‌کی نوێ له ماقڵه‌یه‌کی کۆن بسازێنین). کۆرۆنا که پێده‌چێت زۆر سه‌رنجی ئاگامبێنی ڕانه‌کشابێت، بۆ من ئه‌و ساته بوو که ماقڵه کۆنه‌کان که‌وتنه به‌رده‌ست بۆ ناو گه‌مه‌یه‌کی نوێ. مه‌به‌ستم ئه‌وه‌یه کۆرۆنا تێستێک بوو سنوری پیرۆزی/ناپیرۆزی ته‌نک بوونه‌وه. ته‌نکبوونه‌وه‌که بۆ چاوی هه‌ر مرۆڤێک ڕه‌نگه ڕۆڵێکی گێڕابێت، هه‌میشه پێگه‌ی بینین گۆڕان به‌سه‌ر بینراوه‌که‌شدا دێنێت، بۆیه بۆ من و باسه‌که‌ی ئێره، فۆتۆیه‌ک له‌پاڵ فۆتۆکه‌ی ئاگامبێندا سه‌رنجی ڕاکێشام. بۆیه‌شه ده‌کرا ڕۆژی حه‌شر(جه‌زا) له‌سه‌ر زه‌وی و به نێوانگریی فۆتۆیه‌ک له‌مسبکه‌م[2]:

له‌و فۆتۆیه‌دا جیهان(له فۆرمی شوێن‌دا)، به‌ر حه‌شری ناوه‌کیی خۆی ده‌که‌وێت. حه‌شرێک که حه‌شامات ڕیزیاننه‌به‌ستووه بۆ داوه‌ری، به‌ڵکو ئه‌وه‌ی هه‌یه شارێکی چۆڵه، شه‌قامێکی قاقڕ. داوه‌ریه‌ک هه‌یه به‌بێ داوه‌ر و داوه‌ریکراو. گه‌رچی فۆتۆکه له‌لایه‌ن مرۆڤێکه‌وه گیراوه، به‌ڵام کارکردی فۆتۆکه سه‌رتر ده‌ڕوات. سێکوچکه‌یه‌کی ته‌مومژاوی له گه‌ڕدان: ١) دیار نیه فۆتۆگرافه‌ر کێیه(هه‌موومانین؟) ٢) ئێمه له ڕووبه‌ره وێنه‌گیراوه‌که وه‌ده‌رنراوین، واته له فۆتۆکه‌دا نین، ئه‌وه‌ی هه‌یه جیهانه که هه‌ر خۆی، خۆی پیشانده‌دات. جیهان ده‌یه‌وێت بدوێت به‌ڵام لاڵه، کارکردی قسه‌کردنی لێ سه‌نراوه‌ته‌وه به‌راورد به کاته‌کانی تر که بوونه‌وه‌ره قسه‌کاره‌کان له‌سه‌ر شه‌قامه‌کانی ده‌رده‌که‌ون و جۆرێک له زمانیش به‌و شه‌قامانه‌ی جیهان ده‌به‌خشن ٣) وه‌ک "بینه‌ر" هه‌ست به ته‌نگه‌نه‌فه‌سی ده‌که‌ین کاتێک بکه‌ره‌که و وێنه‌گیراوه‌که‌ش ئێمه نین(ئێمه له گۆشه‌یه‌کدا گه‌مارۆدراوین وه‌ک ئه‌وه‌ی له کونجی حه‌شردا بین). ده‌رکه‌وتنی کارمه‌ندێکی سپی‌پۆش، یان پۆلیس و پزیشکێک، هیچ گۆکردنێک نابه‌خشێته دیمه‌نه‌که. پزیشکه‌کان کۆمه‌ڵێک فیگه‌ری سڕ بوون، ده‌مامکدار، شتێک که ده‌که‌وتنه ده‌ره‌وه‌ی کارکردی فۆتۆوه. بۆیه بۆ تێگه‌یشتن له‌م سێ

[2]. بۆ فۆتۆکه گه‌ڕام، که هی سه‌ره‌تاکانی کۆرۆنا بوو له کوردستانو نه‌مدۆزییه‌وه- باشتر، چونکه وێناکردنی باشتره.

ڕەهەندەی فۆتۆکە پێکەوە، پێویستمان بە پزیشکێکی ترە کە «پزیشک» نەبوو، دەروونناسێک کە «دەروونناس» نەبوو، فەیلەسوفێک کە «فەیلەسوف» نەبوو: زیگمۆند فرۆید.

فرۆید لە شاکارێکی چکۆلەی خۆیدا *بەناوی منداڵێک لێی دەدرێت* (A Child is Being Beaten)، باسی فەنتازیای قۆناغێک لە منداڵی دەکات کە زۆر کەس لە منداڵیی خۆیاندا تێیدا وێنای منداڵێک دەکەن لێی‌دەدرێت. بکەری ڕستەکە دیار نیە، ئەوەی هەیە جێگری بکەرە کە منداڵێکە و فەلاقەکراوە. ئەو منداڵەی لێی‌دەدرێت، هەر بەرهەمی خەیاڵی ئەو منداڵە خۆیەتی و مەبەست لە خۆیشیەتی، بەڵام لە چەپاندنێکی دراماتیکی و سەرەنجام ماسۆشییانەدا خۆی دەگۆڕێت بۆ ئەوێکی تر، بۆ منداڵێکی تر. منداڵەکە ئەوێکی تری فەنتازی، کە ڕیشەیەکی واقیعیی وەک خوشک یان برای هەیە، درووستدەکات تا لەو ڕێگەیەوە چێژ لە لێدانی خۆی و ئەویتریش وەرگرێت. منداڵەکە ئەرکی لێدانەکە دەخاتە ئەستۆی باوک، ڕەنگیشە بەم هۆیەوە خۆی لە لێدانێکی گریمانەیی(و بگرە واقیعیش) پەڕاندبێتەوە، بەڵام دواتر لە گەورەییدا مامۆستا یان ڕاهێنەرێک ئەم ئەرکە لە منداڵەکە وەردەگرێت. لێرەدا ماسۆشیزمی منداڵەکە، زادەی سادیزمە، ماسۆشیزم بەپێی فرۆید هەمیشە کۆپی و لقە و خۆی پاڵنەرێکی سەربەخۆ نیە. فرۆید باسەکە بەرەو ناو سیستەمە زاراوەییە ئاڵۆزەکەی خۆی دەبات، بەڵام ئەوەی بۆ ئێمە و باسەکەمان گرنگ پێگەی ئەو بینەرە پاسیڤەیە کە «لێی‌دەدرێت»، بەڵام هەر ئەم بینەرە دەگاتە جۆرێک لە خودئاگایی و دەڵێت: «من خەریکم سەیردەکەم». منداڵەکە، خۆی دەکاتە ئۆبێکتی لێدانێکی باوک، بەڵام خۆیشی ئەو سوبێکتەیە کە چێژە لادەرەکە ئەزموندەکات. گەر جۆرێک لە هاوتاکردن لەنێوان ئەم سیناریۆ فرۆیدییە و سیناریۆی فۆتۆکەی سەرەوەدا درووستبکەین، ڕەنگە بگەین بە دەرەنجامێکی لەم جۆرە: **فۆتۆیەک دەچرکێنرێت، خۆمان بکەری فۆتۆکەین بەڵام ناڕاستەوخۆ دەیخەینە ئەستۆی خودا.** جیهان لە ساتی کۆرۆنادا، کە هەڵدەپەسێردرێت، بیرخەرەوەی سزایەکە کە دەشێت نەمانکردبێت. بەڵام سزاکەش بەناوی تێکدانی سرووشتەوە دەخەینەوە ئەستۆی خۆمان و دزەچێژێکیشی لێ

وەردەگرین. ئەوەیٔ یٚمە نین قابیلی داوەریین، بەڵام خۆشیشە گریمانەی داوەریکردنی خۆمان بکەین. ئەو دیمەنەش کە لە فۆتۆکەدا دەیبینین، جێدەستی ڕەهای ئێمە نیە، شار هی ئێمەیە بەڵام ئەو چۆڵەوانییەی بەسەریدا هاتووە ئێمە نەمانچرکاندووە. فۆتۆیەک دەچرکێنرێت، فۆتۆیەکی ئاسایی نیە، بەڵکو تۆمارکردنی جۆرێک لە سزای حەشرئاسایە. یەکەیەکەی مرۆڤەکان تاوانبار نین تا لە فۆتۆکەدا دەرکەون، بۆیە شارێکی چۆڵوهۆڵ دەبینین. گەر گومانی غەیبی لە فۆتۆکە دابماڵین، ئەوا بەبیٚ خودا/باوک، ئێمە هەر دەبووینە خاوەنی ئەو گوناهەی کە بەسەرماندا هاتووە. سوپەرئیگۆی مرۆیی، فۆتۆکە بەم جۆرە دەگرێتەوە: فۆتۆیەک چرکێنراوە، مرۆڤ و خوداش ڕوون نین تێیدا، بەڵام ناشتوانن لە سیناریۆکە بچنەدەر. ڕۆژی داوەری لە مەسیحییەت و ئیسلامدا تایبەتمەندیی خۆیانیان هەیە، بەڵام لێرەدا لە گۆشەی بینەرێکی تایبەتەوە وەرگیراون. هاوکات، ئەمە فۆتۆی ساتەکانی ئاوارتە بوو، بەڵام ئاخۆ دەتوانین چۆن لە "ئیگۆی فۆتۆگرافەر" تێبگەین کاتێک ئابورییە دەروونییەکەی خۆی لە وێنەگرتنی جیهاندا خەرجدەکات؟

لە دۆخی ئاسایی‌دا، ئۆبێکتی فۆتۆگرافی، ئۆبێکتێکە بۆ عەشقی فۆتۆگرافەر. ئیگۆی کەسی وێنەگر، وەک ئیگۆی هەر مرۆڤێکی ترە لەبنەڕەتدا و هیچ پێکهاتەیەکی بونیادیی کەمتر و زیاتری نیە. هێند هەیە ئەو هەڵبەزودابەزانە ببینین کە لە پەیوەندی‌دا بە ئۆبێکتەکەیەوە هەیەتی، ئۆبێکتێک کە بریتییە لە فۆتۆ. ئیگۆ بەشێکە لە سیٚ پێکهێنەرەکەی کەسایەتیی مرۆیی، پێکهاتەیەک کە پەیوەندیی ئێمە و واقیع بە هەموو ئاڵۆزییەکانیەوە ڕێکدەخات. ئێمە لە ژیانی ڕۆژانەماندا، نیشانە لە واقیع دەگرینەوە تا بڕی لیبیدۆ و وزەسێکسییە/دەروونییەکەمان خەرجبکەین، پرۆسەیەک کە یەک ڕیتمی نیە و بەردەوام ئۆبێکتی تیا دەگۆڕین. فۆتۆگرافەر، نیشانە لە دیمەنێک دەگرێت تا ئەو ئارەزووەی هەیەتی بە لیبیدۆیەکی گونجاو بێنێتەدی. ئەو کەسەشی تفەنگێک یان قەناسێکی پێیە، هەمان کارکرد دەگێڕێت. هەردووک، ئۆبێکتێک هەڵدەبژێرن تا خەرجەوزەی دەروونیی تیا سەرفبکەن. وەک پۆلێنی کایە ڕەنگە جیاواز بن، بەڵام وەک کارکردی دەروونی یەکێکن. جوانی و

ناشیرینی، دوو ناوی درەنگترن بەسەر چالاکییەکاندا دەدرێت. فۆتۆگرافەر، دیمەنێک وەردەگرێت تا دواتر ئێمەش بەشدار بین لە بینیندا، بەڵام کردەکە وەک کردەیەکی سوبێکتیڤ و شەخسی دەمێنێتەوە. سەرەنجام جیهان لە شوێنی خۆیەتی و دەژێت، هەر شوێنێک ئیمکانی بێشومار جووڵە و فۆتۆی لەخۆیدا هەڵگرتووە، بۆیە دواجار وزەی دەروونیی فۆتۆگرافەر هەڵدەگەڕێتەوە سەر ئیگۆی خۆی و ئەو شتە لەدایکدەبێت کە پێیدەوترێت خودئەڤینی(نارسیسیزم). ئەمەش ئەو شتەیە کە لەگەڵ دیدی ئاگامبێندا بۆ پەیوەندیی فۆتۆ و ڕۆژی داوەری نایەتەوە. وەکبڵێی ئاگامبێن لە زیمندا دەیەوێت فۆتۆ لە سوبێکتیڤیتە و تاکسوبێکتی دابماڵێت، لە ناو دایماڵێت، لە ئیگۆ دایماڵێت تا بیلکێنێت بە عەدالەتەوە: جڤاتی دادپەروەریی فۆتۆگرافی؟

# ڕۆژی داوەری

جۆرجیۆ ئاگامبێن

و. ڕۆشدی جەعفەر

باشە ئەو فۆتۆیانەی خۆشمدەوێن، چ تایبەتمەندییەکیان تیایە وا ڕامدەکێشن و سیحرم لێ دەکەن؟ بڕوام وایە ئەمەیە: بە لای منەوە، فۆتۆگرافیا، بەڕێگایەک لە ڕێگاکان، ڕۆژی داوەری تۆماردەکات(چنگیدەخات). جیهان بەو جۆرە دەنوێنێتەوە کە لە ڕۆژی دوایی‌دا، لە ڕۆژی غەزەب‌دا، دەردەکەوێت. دیاریشە مەسەلەکە لەسەر بابەتی فۆتۆ نیە. مەبەستم ئەوە نیە ئەو فۆتۆیانەی خۆشمدەوێن کۆمەڵێک فۆتۆن کە ڕووداوێکی تاڵ، جدی یان هەتا تراژیدییش دەنوێننەوە. فۆتۆ دەتوانێت هەر ڕووخسارێک، هەر ئۆبێکتێک یان هەر ڕووداوێک پیشانبدات. ئەم حوکمە سەبارەت بەو فۆتۆگرافەرانەی وەک ماریۆ دۆندیرۆ[3] و ڕۆبێرت کاپا ڕاستدەردەچێت، واتە ئەو ڕۆژنامەنووسە چالاکانەی کە دەتوانین کارەکەیان ناوبنێین "خولانەوە یان پیاسەکردنی فۆتۆگرافییانە"(فلانۆری): ڕێکردنی بێ‌ئامانج و وێنەگرتنی هەموو ئەو شتانەی ڕوودەدەن. بەڵام «هەموو ئەو شتانەی ڕوودەدەن» لە ڕۆژی دوایی دا بانگدەکرێن و خۆدەردەخەن(ڕووخساری دوو ژن لە سکۆتلەندا کە پاسکیل لێدەخوڕن، جامخانەی دووکانێک لە پاریس).

[3]. فۆتۆگرافەرێکی ئیتالی کە ٢٠١٥ کۆچی دوایی کرد و پێی‌وابوو وێنەگرتنی ڕەنگاورەنگی جەنگ شتێکی ئەخلاقی نیە- و

نمونەیەك هەیە زۆر بەڕوونی ئەوە نیشانیدەدات چۆن ئەمە هەر لە دەستپێكی مێژووی فۆتۆگرافیوە ڕاست دەردەچێت. دگێرۆتایپ[4] یان وێنەی شەقامی تێمپل[5] زۆر بەناوبانگە؛ ئەمە بە یەكەمین وێنە دادەنرێت كە فیگەرێكی مرۆیی تیا دەركەوتبێت. پلێتە زیوینەكە شەقامی تێمپل نیشاندەدات، لویس داگێر ئەم وێنەیەی لە پەنجەرەی ستۆدیۆكەیەوە لە ساتەوەختێكی قەرەباڵغی نیوەڕۆدا گرتووە. خۆی دەبووایە شەقامەكە جمەی هاتبا لە خەڵك و گالیسكەكان، بەڵام هێشتاش، چونكە كامێراكانی ئەو ڕۆژگارە پێویستیان بە كاتێكی زۆر درێژ بوو بۆ هاتنەژوورەوەی ڕووناكی[6]، بۆیە هیچ شتێك لەم حەشاماتە نابینرێت كە ڕێدەكەن. هیچ شتێك بێجگە لە وێنەیەكی تارماییئاسای ڕەشی بچووك، لەسەر شۆستەی گۆشەی دەستەچەپی خوارەوەی وێنەكە. لەوێدا پیاوێك ڕاوەستاوە بۆ بۆیاغكردنی پێڵاوەكانی، دەشبێت ماوەیەكی زۆر ڕاوەستابێت، لە حاڵەتێكیشدا كە قاچی كەمێك بەرزكردۆتەوە تاوەكو پێی بخاتە سەر تەپڵەك[7]ی بۆیاخچییەكە.

هەرگیز نەمدەتوانی وێنەیەكی سەرمڕتر [لەمەی سەرەوە] بۆ داوەریی دوایین دابهێنم. ئاپۆرەی مرۆڤەكان-لەڕاستییدا، هەموو مرۆڤایەتی- [لە وێنەكەدا] ئامادەیە بەڵام نابینرێن، چونكە داوەرییەكە پەیوەندیی بە تاقە كەسێكەوە هەیە، بە تاكە ژیانێكەوە: كتومت ئەم كەسەیان نەك كەسێكی تر. ئاخۆ كەی فریشتەی داوەریی دوایین- كە هەمان فریشتەی فۆتۆگرافیشە- ئەم ژیانە، ئەم كەسەی تەلبژێركرد، هەڵیگرت و نەمریی پێ بەخشی؟ لەكاتێكدا ئەم كەسە خەریكی پاتاڵترین و ئاساییترین ژێست بوو، ژێستی بۆیاخكردنی پێڵاوەكانی. لە ساتەوەختە باڵاكەدا، مرۆڤ، هەموو مرۆڤێك، بۆ هەمیشە دەدرێتە دەست بچووكترین و ڕۆژانەییترین ژێستی خۆی. هێشتاش، بەهۆی لێنزی فۆتۆگرافییەوە، ئێستا ئەم ژێستە كێش و سەنگی ژیانێكی كاملی پەیداكردووە؛ ئەم ساتەوەختە بێ

---

[4] لە یەكەمین وێنەكان لە مێژووی فۆتۆگرافیادا، ناوەكەش لە داهێنەری ئەم جۆرە وێنەیەوە داتاشراوە: لویس داگێر. داهێنانەكە لە ساڵی 1839دا ڕاگەیەندرا.

[5] Boulverad du Temple

[6]. Exposure: بریتییە لە بڕی ئەو ڕووناكییەی لە هەر یەكەیەكی ڕووبەڕدا دەگاتە چوارچێوەی فیلمە فۆتۆگرافیكەكە یان ڕووتەختی هەستەوەرێكی ئەلیكترۆنیكی وێنەدا- ویكیپیدیا.

[7]. لێرەدا مانای كورسیلە و چوارپێچكە دەدات كە بۆیاغچییەكان لەپێش خۆیان دایان دەنا

بەها یان تەنانەت گەمژانەیە، مانای تێکڕای بوونێك لەخۆیدا کۆدەکاتەوە و چڕدەکاتەوە.

پێموایە پەیوەندییەکی نهێنی لەنێوان ژێست و فۆتۆگرافیدا هەیە. هێزی ژێست بۆ بانگهێشتکردنەوە و کۆکردنەوەی تێکڕای پلەوپایەی فریشتەکان[8] لە هاوێنەی فۆتۆگرافییانەشدا نیشتەجێیە، شوێن و ساتەوەختە لەبارەکەیشی هەر لە فۆتۆگرافیدا هەیە. جارێکیان والتەر بنیامین نوسیبووی ژولیان گرین کارەکتەرەکانی هاوشان بە ژێستێکەوە دەخاتەڕوو کە گوزارشت لە چارەنووسیان دەکات، واتە چاریان نیە ئەودیوێکی دۆزەخی (an infernal beyond) نەبێت.[9] [ئاگامبێن خۆی ئەمە بەکاردێنێت: بێچارەیی یان چارەهەڵنەگریی ئەودیوێکی دۆزەخی-و]. پێموایە دۆزەخە بەرباسەکەی ئێرە دۆزەخێکی بتپەرستانە(موشریکانە)یە نەك مەسیحی. لە هادەس[10]دا، تارمایی مردووەکان تا ناکۆتا هەمان ژێست دووبارەدەکەنەوە: ئیکسیۆن خولخلۆکە باڵدارە گڕگرتووەکەی دەخاتەکار؛ پەنجا کچەکەی دانوس[11] بێهودە هەوڵدەدەن ئاوبکەنە ناو بێژنگەکە. بەڵام ئەمە سزا نییە؛ ناکرێت تارمایی بتپەرستەکان [لە هادەسدا] لەگەڵ نەفرەتلێکراوان [ی دۆزەخی مەسیحیدا] یەکسانبکرێت. لێرەدا، دووبارەبوونەوەی هەمیشەیی ڕەمزی "*apokatastasis*"یکە[12] سەرلەنوێ کۆئەفراندنەوەی ناکۆتای بوونێکە[13].

---

[8] Orders of angelic powers

[9] Walter Benjamin, "Julien Green," Selected Writings, Volume 2, 1927-1934, ed. Michael W. Jennings, Howard Eiland, and Gary Smith, trans. Rodney Livingstone (Cambridge, MA: Harvard University Press, 1999), p. 333.

[10] هادەس ناوی جیهانی مردووەکانە لای یۆنانییەکاندا.

[11] Danaides

[12] دەکرێت بە "ڕزگاربوونی هەمەکی" وەربگێڕدرێت، وشەکە لەبنەڕەتدا یۆنانییە و مانای "گەڕانەوە" دەدات. هەروەها دۆکترینێکی مەسیحیەتە دەربارەی گەڕانەوەی هەموو نەفرەتلێکرانی دۆزەخ بۆ لای خوا و سەرەنجام ڕزگاربوونیان.

[13] infinite recapitulation of an existence

وێنەگری باش دەزانێت چۆنچۆنی سرووشتە ئاخیرەتناسییەکەی[14] ژێست بگرێت یان دەستبخات- بەڵام، بەبێ دوورخستنەوە و لابردنی هیچ شتێك لە مێژوومەندی یان تاقانەیی ڕووداوە وێنەگیراوەکە. ئێستا بیر لە نامە گۆڕینەوەکانی نێوان دۆندیرۆ و کاپا لە ڕۆژگاری جەنگدا یان وێنەی بەرلینی خۆرهەڵات، کە ڕۆژێك بەر لە کەوتنی دیواری بەرلین لە سەربانی ڕایشتاگ[15] گیراوە، دەکەمەوە. یان لەو وێنە (بەهەق بەناوبانگەی) دۆندیرۆ لە نوسەرانی ڕۆمانی نوێی (ناتالی ساروت، سامویێل بیکێت، کلاود سیمۆن، ئالان ڕۆب-گریە) لە دەرەوەی ئۆفیسی چاپەمەنیی مینوی[16] لە ساڵی 1959دا گرتووە. هەموو ئەم وێنانە نیشاندەر (ئیندێکس)ێکی مێژوویی هەڵەهەڵنەگر و بەروارێکی نکۆڵیلێنەکراو لەخۆدەگرن، بەڵام هێشتاش بەفەزڵی هێزە تایبەتەکەی ژێست، ئێستا ئەم ئیندێکسە ئاماژە بۆ کاتێکی دیکە، کاتێکی واقیعیتر و ناچاریتر لە هەر کاتێکی کرۆنۆلۆژی دەکات.

بەڵام ڕەهەندێکی دیکەش لە فۆتۆگرافە دڵخوازەکانمدا هەیە کە ناچارم ئاماژەی پێ بکەم. ئەم ڕەهەندە پەیوەندیدارە بەزەروورەت یان ناچاربوونێکی دیاریکراوەوە: ئەو کەسە یان ئەو بابەتەی لە وێنەکەدا نیشاندراوە داخوازیی شتێکمان لێ دەکات. چەمکی ناچاربوون (exigency) هێجگار گرنگە و نابێت لەگەڵ زەروورەت (necessity)ـی سەر بە واقیعە بەردەستەکە[17] تێکەڵکرێت. تەنانەت ئەگەر کەسە وێنەگیراوەکە لەمڕۆدا بەتەواوەتی لەبیرکرابێت، تەنانەت ئەگەر ناوەکەی بۆ هەمیشە لە یادگەی مرۆڤدا سڕابێتەوە- یان لەڕاستییدا، کتومت لەبەر ئەم [لەبیرکردنە]- ئەوا ئەم کەسە و ئەم ڕووخسارە داخوازیی ناوی خۆیانمان لێ دەکەن؛ داوامان لێ دەکەن لەبیرنەکرێن.

---

[14] Eschatological

[15] . باڵەخانەی پەرلەمانی ئەڵمانیا

[16] Editions de Minuit

[17] Factual

بنیامین دەبێت شتێکی ئاواهی لە زەیندا بووبێت ئەوکاتەی، لە ئاماژەکردنی بە وێنەکانی دەیڤد ئۆکتاڤیوس هیل، نوسیبووی کە وێنەی ژنە ماسیفرۆشەکە ڕێگە بۆ ناچاربوونێك خۆشدەکات، داخوازییەك بۆ [زانینی] ناوی ئەو ژنەی سەردەمێك زیندوو بووە[18]. ئەمە ڕەنگە لەبەر ئەوەی ئەوان توانای بەرگەگرتنی ئەم بانگکردنە کپەیان نەبوو کە تەماشاکەرانی یەکەمین دگێرۆتایپەکان دەبووایە ڕووی خۆیان لێ وەرگێڕابا- ئەوان وایان هەستدەکرد کەسە وێنەگیراوەکان لێیان دەڕوانن. (لەو ژوورەی کاری لێ دەکەم، لەسەر قەنەفەیەکی تەنیشت مێزەکەم، وێنەیەك هەیە- لەڕاستییدا، وێنەیەکی تاڕادەیەك بەناوبانگ- ڕووخساری کچەلاوێکی بەرازیلی نیشاندەدات، وادیارە کچەکە تیژ چاوم تێدەبڕێت. بەوپەڕی دڵنیاییەوە دەزانم کە ئەم کچە داوەرمە و داوەریشم دەبێت، لەمڕۆدا و لە ڕۆژی داوەریی دواییینیشدا).

جارێکیان دۆندیرۆ چەند سەرنجێکی پڕگومانی دەرهەق بە دوو وێنەگر دەربڕی، کە خۆی سەرسامیشیان بوو: هێنری کارتیەر-بریسۆن و سێباسیتۆ سالگادۆ. لە یەکەمیاندا زیادەیەکی تێهەڵکێشی ئەندازەیی بەدیدەکرد؛ لە دووەمیشیاندا زیادەیەکی سەر کەماڵێکی جوانیناسییانە. دۆندیرۆ بە تێگەیشتنەکەی خۆی لە ڕووخساری مرۆڤ وەك چیرۆکێك کە دەبێت بگێڕدرێتەوە یان وەك جوگرافیایەك کە دەبێت کەشفبکرێت، ڕووبەڕووی هەردووکیان وەستایەوە. منیش بە هەمان شێوە وا هەستدەکەم: ئەو ناچاربوونە فۆتۆگرافییەی بانگماندەکات و لێمان دەپرسێتەوە هیچ شتێکی جوانیناسانەی تیا نییە. بەڵکو خواستێکە بۆ ڕزگاربوون. فۆتۆگرافی هەمیشە زیاترە لە وێنە(ئیمەیج)یەک: پانتایی کەلێنێکە، درزێکی باڵا لەنێوان پرسی هەستەکی(محسوس) و پرسی هۆشەکی(معقول)، لەنێوان کۆپی و واقیع، لەنێوان یادگە و ئومێددا.

[18] Walter Benjamin, "Little History of Photography," Selected Writings,Volume 2, p. 510.

تیۆلۆژیستە مەسحییەکان هەمووجار کە بەر پرسی زیندووبوونەوەی لەشی مادی(flesh) دەکەوتن، لە خۆیانیان دەپرسی ئاخۆ لەش هەر لەو دۆخەدا زیندوودەبێتەوە کە تێیدا مردن یەخەی گرتبوو(ڕەنگە پیر بووبێت، یان کەچەڵ بووبێت یاخۆ قاچێکی بڕابێتەوە) یان لە گەنجێتییەکی تەواو ساغڵەمدا بووە. بەڵام هەرگیز نەیانتوانی وەڵامێکی قایلکەر بدەنەوە. ئۆریگن(ـی تیۆلۆژیستی مەسیحی)، ئەم باسە نەبڕاوانەی بڕاندەوە و بانگەشەی ئەوەی کرد زیندووبوونەوە لە فۆرمی لەشدا، لە ئایدیا نەمرەکەیدا(eidos)، ڕوودەدات نەک لەشەکە خۆی. فۆتۆگرافیا بەم مانایە پێشبینیی غەیبانیی[19] لەشە شکۆمەندەکەیە.

هەموو بیستوومانە مارسێل پرۆست دەرهەق بە فۆتۆگرافیا ڕاڕا بوو و زەحمەتێکی زۆری دەدایە بەر خۆی فۆتۆیەکی ئەو کەسانە بەدەستبێنێت کە خۆشیدەویستن و جێی ستایشی وی بوون. لە وەڵامی داوا بەردەوامەکانی کوڕێکدا کە لە ٢٢ساڵیدا عاشقی ئەم ببوو، ئاخرییەکەی "ئیدگار ئۆبێر" وێنەیەکی خۆی بۆ نارد. ئۆبێر، لە پشتی وێنەکەوە(بە زمانی ئینگلیزی) نوسیبووی: «لە ڕووخساری من بڕوانە، دەکرا ناوم **[دەشێت] هەبووبێت**[20] بووایە. بە هەریەکە لەمانەش بانگمدەکەن: **چیتر نا، درەنگیشە، بەدۆعا**». بێگومان پێشکەشکردنێکە خۆنواندنی پێوەیە، بەڵام بەتەواوی گوزارشت لەو ناچاریبوونە دەکات کە گیان بە بەر هەر فۆتۆیەکدا دەکات و ئەو واقیعە بەدەستدێنێتەوە کە هەردەم لە لەدەستچووندایە، بەدەستیدێنێتەوە لەپێناوی ئەوەی هەمیسان بیرەخسێنێتەوە.

[19] Prophecy

[20] "Might have been"

[یان: "دەرفەتی لەدەستچوو"]

فۆتۆگرافیا ئەوەمان لێ دەخوازێت هەموو ئەمانە بیری خۆمان بێنینەوە؛ فۆتۆکانیش شایەتی لەسەر ئەو هەمووە ناوە ونبووە دەدەن، هەروەکو "نامەی ئەعمال" کە فریشتە نوێیەکەی ڕۆژی دوایی- فریشتەی فۆتۆگرافیا- لە کۆتایی هەموو ڕۆژەکانەوە، واتە ڕۆژاوڕۆژ، بەدەستیەوەیەتی.

## سەرچاوەکان:


Profanations, Giorgio Agamben, translated by Jeff Fort, pp. 23-27

روز داوری: جورجو آگامبن/ مترجم: مهدی فیضی، تز یازدهم.

کتاب حرمت‌شکنی‌ها(روز جزاء)/ صالح نجفی و مراد فرهادپور، انتشارات مرکز، ۱۳۹۹